


رابۆرتێک لەبارەی:

# بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان

## پێشەکی و تێبینییەکی پێویست

بەڕێوبەرایەتی خانوبــەرەی میری، یەکێکە لەو دەزگایانەی کە بە دەزگاکانی باج ناســراون و ســەر بە وەزارەتی داراییین، بەوهۆیەوە لەرێگەیانەوە باجی جۆراوجۆر کۆدەکرێنەوە.
ئــەم بەڕێوبەرایەتیــە ئەگەرچــی زۆر گەورە نیــە و رەنگە زۆریش ناسراو نەبێت، بەڵام ئیدارەی کەرتێکی گرنگ دەدات کە پەیوەستە بە بــاری ئابوری دەڤەرەکەمانــەوە. هەربۆیــە بەگونجاومان زانی راپۆرتێــک لەبــارەی ئــەم بەڕێوبەرایەتییە و ئیشــوکارەکانییەوە ئامادە بکەین.
لەکاتــی ئامادەکردنــی ئەم راپۆرتــەدا، هێرۆ فایــەق، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتــی خانوبەرەی میری بو، بەڵام ئێســتا کە راپۆرتەکە بڵاودەبێتەوە، لەو پۆســتەدا نەماوە و ئەمیر محەمەد شــوێنەکەی گرتوەتــەوە، بۆیە لەناوهێنانی دا هەروەکو بەڕێوبەری خانوبەرەی میری ئاماژەی پێدەکەین، هەروەک بەڕێوبەری نوێی بەڕێوبەرایەتی خانوبــەرەی میــری (ئەمیــر محەمــەد) بەوپێیــەی پێشــتر لــەو بەڕێوبەرایەتیــەدا کاری نەکــردوە و تازەش دەســتبەکار بوە، بە گونجاوی زانی لەم راپۆرتەدا قسە نەکات.

## بەشی یەکەم: ناساندنێکی گشتی ئیشوکارەکانی بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری

### ١. ناساندنی بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری

بەڕێوبەرایەتــی خانوبــەری میــری گەرمیــان پێشــتر بارەگاکەی لــە قــەزای دەربەندیخان بوە لە دوای ســاڵی ٢٠٠٧ لــە گەرمیان کراوەتــەوە، ئــەم بەڕێوبەرایەتیە خــۆی لە ٨ هۆبــە دەبینێتەوە (خۆیەتــی، ژمێریاری، زەوی و زار، ئامار و کۆمپیوتەر، هونەری، یاسایی، وردبین و کۆگا).
کاری ئــەم بەڕێوبەرایەتە، سەرپەرشــتیکردنی ئــەو زەویانەیە کە بەردەڵانیــن (صخري)، بەشــێوەیەک زەوی بــەردەڵان بۆ ٢ جۆر پرۆژە تەرخان دەکات (بازرگانی و پیشەسازی)، کە بازرگانیەکان بە زیادکردنی ئاشــکرا دەکرێن بەپێی یاســای ژمارە ١ــی ســاڵی ٢٠٢١، پیشەســازیەکانیش بــە خەمڵاندن دەکرێت بەپێی یاسای ژمارە ٢٠ـی ساڵی ١٩٩٨.
لە ســنوری گەرمیاندا ٩٦٨ هەزار٧١٩ دۆنــم زەوی بەردەڵانی کە هەیــە کە هی وەزارەتــی داراییە و وەزارەتی کشــتوکاڵ مامەڵەی پێوەدەکات بەپێی یاسا و رێنماییەکان.

### ٢. تەرخانکردنی زەوی لە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیانە

«زەویە بەردەڵانیەکان کە هی وەزارەتی داراییە هەقی مامەڵەکردن پێوەی لە وەزارەتی کشــتوکاڵە، تەرخان کردنی زەوی بەردەڵانی بۆ پرۆژەکان لە ســنوری گەرمیان لە ئیدارە ناوچەکانەوە دەســت پێدەکرێــت کە پرۆژەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، دواتر بە نوســراو لەلایــەن خانوبەرەی میری یان راســتەوخۆ دێتــە لای ئێمە، هەر پرۆژەیەک کە لە سنوری دەسەڵاتی ئێمەدا بێت بەپێی رێنماییەکان خۆمــان زەوی بــۆ تەرخــان دەکەیــن، بــۆ نمونــە وەک کــۆگای ساردکەرەوە، بەڵام پرۆژەکانی دیکە وەک کۆگای وشکە و کێڵگەی پەلەوەری و پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە دەسەڵاتی وەزیر دایە».
شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.
دەشــڵێت: دوای ئــەوەی داواکاری پرۆژەکە بە نوســراو دێتە لای ئێمــە، ئێمــەش رای لایەنــە پەیوەندیدارەکانی بــۆ وەردەگرین بە ئیدارەی گەرمیانیشەوە، ئەوکات زەوی بۆ تەرخان دەکرێت.
هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشــتی وەبەرهێنانی گەرمیان هێمای بــۆ ئەوەکــرد: هەندێــک بەڕێوبەرایەتــی هەیــە ئێمە هاوبەشــین لەگەڵیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە ئەوانیش (شــارەوانیەکان لە قەزا و ناحیەکاندا، کشتوکاڵی گەرمیان و خانوبەرەی میری)ـە، چونکە لە بونی هەر داواکاریەک بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان چ بازرگانی بێت چ پیشەسازی بێت ئەوان زەوی تەرخان دەکەن بۆ ئێمە.
دەشــڵێت: ئێمــە پرۆژەکانمــان ئاراســتەی کشــتوکاڵی گەرمیان دەکەیــن بۆ رایکردنــی مامەڵەی زەوی تەرخان کــردن کە دەبێت ئــەوان بگەڕێنەوە بۆ خانوبەرەی میری، چونکە ئێمە داوای زەوی لــەوان دەکەیــن و حەقــی مامەڵەکــردن بــە زەوی بەردەڵانی لای ئەوانە.

## ٣. رێکارەکانی پێدانی زەوی بە پرۆژەکان

«ئێمە ٢ جۆر پرۆژەمان هەیە کە زەوییان پێبدەین، هەمانە ساڵانە گرێبەستیان بۆ دەکرێت و بە موزایدەیە و کرێی ساڵانەیان لێوەردەگرین وەک کۆگا و قەپان و بەنزینخانە و کۆمەڵێک پرۆژەی دیکە، پرۆژەشمان هەیە وەک کارگەکان ئەمانە بە گرێبەستە و خەملاندنیان بۆ دەکەین لە ١٠ ساڵەوە بۆ ١٥ ساڵ گرێبەستەکەیانە». هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: ئەوانەی کە خەملاندنیان بۆ دەکەین لە ٥ ساڵی سەرەتاوە پارەیەکی کەمیان لێوەردەگرێت بۆ نمونە زەوییەکی ٢ دۆنمی ساڵانەکەی ٣ بۆ ٤ ملیۆن دینارە، دوای ئەو ماوەیە خەملاندنێکی دیکەی بۆ دەکرێتەوە برێک پارەی زیاتری لێوەردەگیرێت، لە کاتێکدا ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە ساڵانی پێشوتر خەملاندنی زۆر کەم بوە.

جەختی لەوەشکردەوە: بۆ نمونە بۆ ئەمساڵ (٢٠٢٣)، ٣٠ پرۆژەمان خەملاندنی بۆ دەکرێتەوە و داهاتێکی باش بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی خانوبەری میری پرۆژەکان لە سنوری گەرمیان لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بەمشێوەیەیە کە لەم خشتەیەی لایخوارەوە رونکراوەتەوە:

### ئاماری ئەو پرۆژانەی بەڕێوبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان
### لە ماوەی 5 ساڵ دا زەوی بۆ دابینکردون

| 2022 | 2021 | 2020 | 2019 | 2018 |
|---|---|---|---|---|
| 16 | 8 | 100 | 22 | 10 |

هەر بەپێی ئامارەکەی بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ ساڵی ٢٠٢٢ پرۆژە پیشەسازییەکان بە کۆی گشتی ١٢ پرۆژەیە کە ئەنجامدراوە.

هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دەڵێت: لە ماوەی پار ساڵدا نزیکەی ١٥ داواکاری پرۆژەی پیشەسازی هاتوەتە لامان کە خۆی لە کارگە دەبینێتەوە، تەنها مۆڵەت بە ٢ پرۆژە پیشەسازی دراوە لەگەڵ ٤ پرۆژەی دیکە لە رێکاری وەرگرتنی مۆڵەتە، ئەمە جگە لەوەی ٢ پرۆژەی بازرگانیش مۆڵەتی پێدراوە هەر لەو ماوەیەدا.

## ٤. پرۆژەکانی وەبەرهێنان جیاوازن لە پرۆژە بازرگانی و پیشەسازییەکان

ئەو پرۆژانەی لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە پێشکەش دەکرێت و زەوی بەردەلانیان بۆ تەرخان دەکرێت لە داهاتودا دەتوانرێت تۆماربکرێت بە ناویانەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بۆ پرۆژە بازرگانیەکان و پیشەسازیەکان بەوشێوەیە نیە.

خالد محەمەد، خاوەنی پرۆژەی وەبەرهێنانی کارگەی بلۆکی بۆنزا و کۆنکریت لە گردەگۆزینەی سەر بەقەزای کەلار دەڵێت: ٢ جۆر زەوی هەیە بۆ وەبەرهێنەکان بەپێی یاسا، هەیە زیادکردنی ئاشکرایە و هەیە دەدرێت بەوەبەرهێن ئەمەش لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە دەکرێت، کە ئەوەی منیش بەو شێوەیەیە.

دەشڵێت: ئەمەش دەکاتە ئەوەی ئەو زەویە کە کوژاندنەوەی بۆ دەکرێت بۆ وەبەرهێنان، دواتر دەکرێت بە ناومەوە ئەمەش بە پێی یاسا و ڕێنمایەکان حکومەت پێمی دەفرۆشێتەوە بە ڕێژەی لە ٪٣٠، زەویەکەش خەملاندنی بۆ کراو.

لە بەرامبەردا، هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان، دەڵێت: «هیچ زەویەکی بەردەلانی تاپۆ ناکرێت بەناوی خاوەن پرۆژەیەک، بەڵکو ئەنجامدانی گرێبەستە بۆ پرۆژەیەکی بازرگانی لەگەڵ خەملاندن بۆ پرۆژەیەکی پیشەسازی».

وتیشی: پرۆژە بازرگانیەکان لە ڕێگە موزایدەوە دەکرێت و ساڵانەیە بە کرێ دەدرێت، بەڵام پرۆژە پیشەسازیەکان لە ڕێگەی خەملاندنەوە دەبێت بۆ ئەو ئەو زەویەی کە پێی دەدرێت و بڕێک پارەی لێوەردەگرێت کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ یان ١٥ ساڵ گرێبەستیان بۆ ئەنجام دەدرێت و هەر ٥ ساڵ جارێک خەملاندنێکی بۆ دەکرێت و بڕێک پارەی زیاتری لێوەردەگیرێت و پێی دەدرێتەوە و ساڵانەکەشی لای ئێمە دیاری ناکرێت، بەڵکو ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بۆ وەردەگیرێت بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١.

هەر زەویەک کە تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژەیەک، حکومەت ساڵانە باجەکەی وەردەگرێت، باجەکانیش بەپێی قەبارەی پرۆژەکان دەگۆڕێت.

محەمەد ئەکبەر، خاوەنی کۆگای هیام لە باناسیاو سەر بە قەزای کفری، باسی لەوەکرد: ئەو زەوییەی کە کردومانە بە کۆگا نزیکەی ٥٠ ساڵە بەدەستمانەوەیە، بە موزایەدەی ئاشکرا پێمان دراوە، ساڵانەش باجەکەی دەدەین بە حکومەت، پرۆژەمان هەیە ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزارە هەشمانە ٣ ملیۆن دینار، ئەو زەویەشی کە بۆمان تەرخان کراوە هیچ بڕە پارەیەکمان لێ وەرنەگیراوە، بەڵکو بە گرێبەست لەگەڵ خانوبەرەی میری پێمان دراوە.

وتیشی: پێشتر بەم شێوەی ئێستا کارمان نەکردوە، بەڵکو بۆماوەی ٣ ساڵە ئێمە باج بە حکومەت ئەدەین.

دەشڵێت: خۆم دو پرۆژەم هەیە لەسەر زەوی بەردەلانی، یەکێکیان کۆگای فەرشە ئەوی دیکەشیان کارگەی پاککردنی گەنمە.

»

### هیچ زەویەکی بەردەڵانی تاپۆ ناکرێت بەناوی خاوەن پرۆژەیەک

«

لەبەرامبەردا، هێمن ئەحمەد، فەرمانبەری یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەری میری لە گەرمیان دەڵێت: ئێمە کاتێک گرێبەستی بانەوانی «مساطحە» ئەکەین بەپێی یاسای ژمارە ١ لە مادەی ١٥ بە ڕونی باسی کردوە گرێبەستی موساتەحە نابێت لە ١٥ ساڵ زیاتر بێت، لەهەمان کاتدا ئاماژەی بەوەشداوە ئەو حەقە لە ناو تاپۆدا دەبێت جێگیربکرێت واتە حەقی بانەوانیەکە دەبێت لە بەڕێوبەرایەتی عەقار تۆماری بکات و لە ناو سورەت قەید بۆی جێگیربکرێت، بەڵام دوای ١٥ ساڵ بۆ جارێکی دیکە ئەو پرۆژەیە ئەدرێتەوە بە موزایەدە».

وتیشی: بەڵام ئەگەر هاتو ئەو پرۆژانە بو کە گرێبەستی ٥ ساڵ یان ١٠ ساڵە ئەوە لە یاساکەدا هاتوە ئەو گرێبەستانە قابیلی ئەوەیە خاوەن پرۆژەکە ٣ مانگ پێش داواکارییەک پێشکەش بکات و داوای درێژکردنەوەی کاتەکەی بکات، ئەمەش بەپێی یاساکە کۆمەڵێک مەرجی بۆ داناوە، یەکێک لەوانە ٣ مانگ پێشتر داواکاری پێشکەش بکات هاوکات ئەگەر بە موزایدە پرۆژەکەی بۆ دەرچوبێت ئەوە ئەو ساڵانەی کە بۆی زیاد دەکرێت لە ٪١٠ ئەچێتە سەر کرێی ساڵانەکەی، بەمەرجێک نابێت ئەو گرێبەستە لە ١٠ ساڵ تێپەڕێت، بەڵام ئەگەر هاتو بە بێ موزایدە پێی درابو ئەوە دەبێت ٣ ساڵ جارێک خەملاندنی بۆ بکرێتەوە.

## ٥. ڕادەی پێدانی زەوی بە پرۆژەکان چەندە؟

ئەو پرۆژانەی کە ئەنجام دەدرێن لە چوارچێوەی زەویە بەردەڵانیەکاندا ڕووبەرەکەی دیاریکراو نیە بەوەی دەبێت چەند دۆنم زەوی تەرخان بکرێت، بەڵکو بەپێی قەبارەی پرۆژەکانە.
خالد محەمەد، خاوەنی پرۆژەی وەبەرهێنانی کارگەی بلۆکی بۆنزا و کۆنکریت لە گردەگۆزینەی سەر بەقەزای کەلار دەڵێت: پرۆژەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی بلۆکی بۆنزایە لەگەڵ کۆنکریت و کربستۆن و بیئارتۆن، زەویم بۆ تەرخان کرا سەرەتا ٥ دۆنم زەوی بوو دواتر فراوانکردنم بۆ کرا بە ٣ دۆنم، چونکە زەویەکە بەشی پرۆژەکەی نەکرد، ئەگەرچی لەسەرەتا خۆم داوای ٢٦ هەزار مەتر کردبو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی ٨ ساڵە من خەریکی مامەڵەکردنی ئەو پرۆژەیەم پارساڵ بەشێکی مامەڵەکانم تەواو کردوە و بەشێکی هەر ماوە.
باسی لەوەشکرد: هۆکارەکەشی ئەوە بو ٣ جار بەڕێوبەری وەبەرهێنان گۆڕاوە، هاوکات کەمی کارمەند، دواتر دواخستنی مامەڵەکانمان لە وەزارەت هەر جارە و بە ٤ مانگ و ٥ مانگ و ٨ مانگ دواکەوتوە.
هاوکات، ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی کێڵگەی پەلەوەری توران لە ناحیەی ڕزگاری سەربە قەزای کەلار دەڵێت: پرۆژەکانی ئێمە لەسەر زەوی بەردەڵانیە، حکومەت بەبێ بەرامبەر پێی داوین، چونکە پرۆژەکانی ئێمە بەرهەمهێنانە، ئێمە ساڵانە باج دەدەین بەگوێرەی جوجکە، کە بۆ هەر جوجکەیەک ١ دینارە، ساڵانەش ١٥ بۆ ٢٠ هەزار دینار ئەدەین بە حکومەت بۆ تازەکردنەوە و ڕسوماتەکان.
دەشڵێت: ئەو پرۆژانەش کە داوامان کردوە بەپێی ئەو زەویەی کە داوامان کردوە بە لیژنە دێن و دیاری ئەکەن، هەیە ٣ دۆنمە هەیە ٥ دۆنمە، من خۆم دو پرۆژەم هەیە کێڵگەی پەلەوەرییە لەسەر ٦ دۆنم زەویە بۆ هەر یەکێکیان ٣ دۆنمە.
هاوکات، هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: بۆ پرۆژەکان دیاری نەکراوە کە چەند دۆنم زەوی بەردەڵانیان پێدەدرێت، بەڵکو بەپێی پرۆژە زەوی تەرخان دەکرێت لە ٥٠٠ مەترەوە دەست پێدەکات بۆ زیاتر.
«بۆ پرۆژەکان دیار نیە چەند دۆنم زەوی بۆ تەرخان دەکرێت، بەڵکو بەپێی پرۆپۆزەڵی پرۆژەکە و چۆنیەتی پرۆژەکەیە، پرۆژەی وامان هەیە ٢٠٠ دۆنمە پرۆژەی واشمان هەیە ١٥٠ دۆنمە و هەشە لەوە کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢١ کە هی بەرهەمهێنانە و کۆتا ڕێنمایی و یاسایە کە دەرچوە تەنها پرۆژەی گێڵگە پەلەوەریەکان نەبێت کە نابێت لە ٥ دۆنم کەمتربێت». غەریب مەولود، لێپرسراوی بەشی زەویوزار لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.

## ٦. پرۆسەی زیادکردن و خەمڵاندن

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، زەویەکان لەلایەن خانوبەرەی میرییەوە بە هەردو شێوازی خەمڵاندن یان موزایەدە، دەدرێت بە هاوڵاتیان و وەبەرهێنەران بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەسەریان، کە کاری هەردوکیشیان بە لیژنە دەکرێت، بەجۆرێک هەر لیژنەیەک لە ٤ ئەندام پێکهاتوە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان.
هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ خەملاندن بە لیژنەیەک دەکرێت کە لە بەڕێوبەری باجی دەرامەتی گەرمیان پێکهاتوە کە سەرۆکی لیژنەیەکە لەگەڵ فەرمانبەرێکی بەڕێوبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی گەرمیان (تاپۆ) لەگەڵ ٢ فەرمانبەری بەڕێوبەرایەتی خۆمان.
وتیشی: ئەو خەمڵاندنە بە بڕیاری ئەو ئەندامانە دەکرێت هاوکات پشتی پێدەبەسترێت.
بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی دەدرێت بە خەمڵاندنی زەوییەک، بەجۆرێک بەڕێوبەری گشتی باجەکان لە هەرێم ڕەزامەندی وەردەگرێت، ئەو ڕێکارانەش لەدوای ئەوەوە دێت بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان ڕێکارەکانی تەواو کردبێت، هاوکات ڕای لایەنە پەیوەندیدارەکانی بۆ وەرگیرابێت، دواتر ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری دەکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ تەرخانکردن و خەمڵاندن.
بابە عەلی محەمەد، سەرۆکی لیژنەی خەمڵاندن لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری لە گەرمیان دەڵێت: خەمڵاندن بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەکرێت، بەپێی یاساکەش بە مەتر دیاری ئەکرێت و نرخەکەشی هەر بە مەتر دائەنرێت، ئێمە ناتوانین نە لە خۆمانەوە زەوی تەرخان بکەین نە خەمڵاندنیش بکەین، دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەبێت».
باسی لەوەشکرد: پرۆژەکانیش بەپێی ساڵ خەمڵاندنی بۆ ئەکرێت، پرۆژەی وامان هەیە ٥ ساڵ جارێک خەمڵاندنی بۆ ئەکرێت و دوبارە ئەکرێتەوە، هەشمانە ساڵانەیە، پارەکەشی پێشتر تەقدیری بۆ کراوە و لەو نرخەش کەمتر نابێت، بەڵکو کاتێک زیاتر ئەبێت کە زیادکردنی بۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژانە دەدرێتە کرێی ساڵانە.
دەشڵێت: هەرخەمڵاندنێک کە دەیکەین بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوبەری گشتی باجەکان لە هەرێم نابێت هەر ئەویش بڕیار دەدات دو جار خەمڵاندن بۆ پرۆژەیەک بکرێتەوە، کە ڕەزامەندی درا لەسەر ئەو تەقدیرەی ئێمە کە دەیکەین دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت بەمەبەستی گرێبەست کردن لەگەڵ خاوەن پرۆژەکە.
«ئێمە وەک هۆبەی تەرخان کردن و بەرهەمهێنان بە لیژنە کاردەکەین کە لە ٣ ئەندام پێکهاتوە بۆ هەر لیژنەیەک، وەک هۆبەی تەرخان کردن خۆم سەرۆکی لیژنەکەم لەگەڵ لێپرسراوی هۆبەکە لەگەڵ ڕوپێوێک ئەندامن، هاوکات هۆبەی بەرهەمهێنان جیاوازە و تایبەتە بە سامانی ئاژەڵ و بەرهەمهێنان دیسان خۆم سەرۆکی لیژنەکەم لەگەڵ لێپرسراوی هۆبەکە لەگەڵ سەرۆکی ڕوپێوەکان پێکهاتوە و پێکەوە کاردەکەین». غەریب مەولود، لێپرسراوی بەشی زەوی و زار لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.

وتیشی: بەپێی یاسای ژمارە ٨ــی ساڵی ٢٠٢١، هەر زەویەک کە تەرخان دەکرێت بۆ ثرۆژەیەکی بەرهەمهێنان سـەرەتا لەلایەن ئەو لیژنانـەوە هەڵسـەنگاندنی بۆ دەکرێت و کۆنوسـێک لە بارەیەوە ئامادە دەکرێت و دەچێتەوە لای بەڕێوبەری گشـتی کشـتوکاڵ و راسـتاندنی بـۆ دەکات، بەپێی ئەو رێنمایانەی کـە هەیە تاوەکو ١٠ دۆنم زەوی لە دەسـەڵاتی بەڕێوبەری گشـتیە تەرخانکردنی بۆ بکرێت جا ئەمە زەوی بەردەڵان بێت یان کشـتوکاڵی جیاوازیەکی نیە، بەڵام لەو رێژەیە زیاتر بێت ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتە.

زیادکـردن (مزایدە) ئەو پرۆسـەیەیە کە تیایـدا نرخی زەوی یان شـمەکێک بە کێبرکێی نێوان کەسـەکان دیاریی دەکرێت، ئەمەش بنەما و رێنمایی و چوارچێوەی یاسایی خۆی هەیە کە بە یاسا و رێنمایی رێکخراوە.

زیادکردنـەکان لە بواری خانوبەرەی میری، تایبەتە بەو زەویانەی کە پرۆژەی بازرگانی لەسـەر دروسـت دەکرێـت، چونکە هەرچی پرۆژە پیشەسازییەکانە ئەوە زەویەکەی بە بێ زیادکردن دەدرێتێ، بەڵام لەلایەن لیژنەیەکەوە نرخەکەی دەخەملێنرێت.

هێمن ئەحمەد، فەرمانبەری یاسـایی لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەری میـری لـە گەرمیـان دەڵێت: چـۆن لیژنـە هەیە بـۆ خەمڵاندنی زەوییـەکان لیژنەش هەیە بەهەمان شـێوە بـۆ موزایدە، ئەبێت ٣ کەس بن و پلەشـیان هەبێت، بە فەرمانی وزاری ئەبێت سـەرۆکی لیژنە بەڕێوبەری خانوبەرەی میری بێت و ئەندامی دوەم بەڕێوبەری خانوبـەرە بێت و ئەندامی سـێیەمیش نوێنەرێکـی خەزێنەی تێدا بێـت، لەگەڵ ئەوەش ئەبێت سـکرتێری لیژنەیـان لەگەڵ بێت کە دەبێت فەرمانبەری خانوبەرەی میری بێت.

ئـەو لیژنەی لـە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میـری پێکهێنراون لە بەرامبـەر هـەر کارێک کـە ئەنجامـی دەدەن و دەرچونیان هەیە پاداشت وەردەگرن بەشێوەی بڕاوە «مقطوعة».

هێـرۆ فایـەق، دەڵێت: ئەو لیژنەی کە لـە موزایدەکەدا دەبین بۆ سـەرۆکی لیژنەکە کە خودی بەڕێوبەرە، بڕی ٣٠٠ هەزار دینار بۆ ٣ مانـگ جارێک پێمان دەدرێت، هاوکات ئەندامانی لیژنەکەش بە هەمان شێوە ٢٠٠ هەزار دیناریان پێدەدرێت.

وتیشـی: دیاری کردنی ئەندامانی لیژنە لە دەسـەڵاتی ئێمەدا نیە بەڵکو لە وەزارەتەوە خۆیان دیاری دەکەن.

هـاوکات، بابـە عەلـی محەمەد، سـەرۆکی لیژنـەی خەمڵاندن لە بەڕێوبەرایەتـی خانوبەرەی میـری لە گەرمیان دەڵێـت: لیژنەکە لـە ٤ ئەنـدام پێکهاتوە (ئێمە وەکو باجـی دەرامەت، ئەندامێکی خانوبـەرەی میـری، ئەندامێکـی تۆمـاری خانوبـەرەی گەرمیان و سـکرتێرێک)، وەزارەتـی دارای و ئابـوری هەرێـم لەبەرامبـەر دەرچونەکانمـان بڕێک پارەی بۆ حسـاب کردوین، کە بڕەکەی بۆ سەرۆکی لیژنەکە ٣ مانگ جارێک بڕی ٣٠٠ هەزار دیناری بڕاوەیە.

وتیشـی: دەرچونەکانمـان بـە پرۆژەیـە مانگـی وا هەیـە چەند دەرچونێکمان هەیە.

بـەڵام ئەمە بۆ لیژنەکەی بەڕێوبەرایەتی کشـتوکاڵی گەرمیان بەو شێوەیە نیە.

شـادیە حسـێن، بەڕێوبەری گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیان باسی لەوەکـرد: ئـەو کارمەندەمان کە لە لیژنەکەدایـە هیچ موکافەئەی بۆ حسـاب ناکرێت، چونکە ئەوە کاری خۆیەتی و هەر نەخشـە و کۆنوس دەکات لەچوارچێوەی بەڕێوبەرایەتیەکەدا دەڕوات و کاری خۆی دەکات.

بەهەمان شـێوە، غەریب مەولود، لێپرسـراوی بەشـی زەوی و زار لـە بەڕێوبەرایەتـی کشـتوکاڵی گەرمیان وتـی: لیژنەکەمان هیچ هاندانێکـی بۆ خەرج ناکرێت وەک کشـتوکاڵ، ئەوەی هەیە تەنها لەبەشە کشتوکاڵیەکانی ناحیەکان کە هەر دەرچونێکی سەرەتایی دەکـەن پسـولەیەکی ١٥ هەزارییان هەیە، ئەویش لە ٪٦٠ــی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە و لە ٪٤٠ی بۆ فەرمانبەرەکەیە.

بەڵام ئەو پاداشـتەی کە دیاری کراوە لە یاسـای خاوبەری میریدا بەمجۆرەی ئێستا نیە کە پێان دەدرێت و کاری پێناکرێت.

هێمن ئەحمەد، فەرمانبەری یاسـایی لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەری میـری لـە گەرمیـان دەڵێت: بەپێی یاسـای ژمارە ١ــی سـاڵی ٢٠٢١ دەبێـت مانگانـە لیژنەکانی چ خەمڵاندن چ موزایەدە دەبێت پاداشتیان لە ٢٠٠ بۆ ٤٠٠ هەزار دینار بێت، بەڵام تا ئێستا کار بەو مادەیە نەکراوە لە یاسـاکەدا، ئەوەی هەیە تەنها ٣ مانگ جارێک بەشـێوەی مەقتوعە بۆیان بڕاوەتەوە، ئەوەشـی هەیە سـەرۆکی لیژنەکە لە ئەندامەکان زیاترە.



## ٧. شێوازی ئەنجامدانی گرێبەستەکان

هێمن ئەحمەد، فەرمانبەری یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەری میری لە گەرمیان دەڵێت: گرێبەستیەکان بەشێوەیەکی یاسای ئەنجام دەدرێت بەجۆرێک گرێبەستمان هەیە کاتیە و تەنها بۆ ساڵێکە، جاری وا هەیە ئەو ساڵە بەردەوامیەتی ئەدرێتێ وەکو گرێبەستێکی هەمیشەیی لێدێت، ساڵانەش قابیلی تازەکردنەوەیە لە کاتێکدا بەو شێوەیە دەبێت کە پابەندی هەمو بڕگەکانی ناو گرێبەستەکە بێت.

باسی لەوەشکرد: بەڵام لە یاسا تازەکە (یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ ) دەبێت هەمو ماڵ و موڵکی دەوڵەت بدرێت بە موزایدە کاتێک بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان ڕەزامەندی سەرەتایی دەدات ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم بەکرێدانە بۆماوەی چەند ساڵێکە بۆنمونە ١٠ ساڵە یان ٥ ساڵە.

جەختی لەوەشکردەوە: بەپێی یاساکە ئەو گرێبەستانەی کە موزایەدەن بۆ ١٠ ساڵ و ٥ ساڵە، بەڵام لە کاتێکدا ئەوانە گەشتنە ١٥ ساڵ ئەوە بەپێی یاساکە ئەبێت گرێبەستێکی بانەوانی (مساطحە)ی بۆ دەکرێت، ئەمەش دەبێت تۆماربکرێت لە بەڕێوبەرایەتی تۆماری خانوبەرە (تسجیل عقاری)، بەڵام گرێبەستەکە لەوێ ناکرێت تەنها گرێبەستی بانەوانی نەبێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: پرۆژە بۆ پرۆژەش ناگۆڕێت تەنها ئەو پرۆژانە نەبێت کە بە یاسای ژمارە ٢٠ ئەیدرێتێ یاسای ژمارە (٢٠ ی ساڵی ١٩٩٨) کە تایبەتە بە پرۆژە پیشەسازیەکان، بۆنمونە تەنها کارگەکان لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ دا دەڵێت بەشێوەی ئستسنا کارگەکان بەبێ موزایدە دەدرێت بە خاوەنەکەی، چونکە لە یاساکەدا دەڵێت هەتا مۆڵەتی کارگە بەردەوام بێت ئەوە قایمتر دەبێت، بەجۆرێک کارگەی وامان هەیە ٤٠ ساڵی خایاندوە بە کرێی بەردەوام.

«سەرەتا ڕوپێوێکمان لەگەڵ فەرمانبەرێکی زەویوزاردا نەخشە و کۆنوس بۆ ئەو زەویە دەکەن لە ڕوی دوری لە شارەوانی و کارەبا و شوێنەوار، دوای ئەوە بە نوسراوی فەرمی دێتەوە لامان، کە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕای لایەنەکان وەردەگرین دواتر تەرخانکردنی بۆ دەکرێت». شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: دواتر دەگەڕێتەوە بۆ خانونەرەی میری و لەوێ گرێبەستەکان ئەنجام دەدرێت، کە بە زیادکردنی ئاشکرا پرۆژەکە یەکلا ئەکەنەوە و ساڵانە باجیان لێوەردەگیرێت.

## ٨. زەوی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون ناگەڕێتەوە بۆ خانوبەرەی میری

هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: ئەو زەویانەی کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبون دا تەرخان دەکرێت بۆ ئێمە کێشەیە، چونکە ناگەڕێتەوە لای ئێمە هەتاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت و دەگاتە قۆناغی تۆمارکردن.

وتیشی: هۆکارەکەی ئەوەیە ئەم زەویانەی وەزارەتی دارایی بەپێی ئەو نوسراوەی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ هەیانە حەقی مامەڵەکردنی پێداون و لە دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیاندا هەیە زەوی تەرخان بکات، ئەگەرچی ئێمە لاریمان نیە لە کارەکان، لەبەر ئەوەی پرۆژەکان تەواو دەبێت دواتر دێتەوە لامان، ئەگەرچی لە ئێستادا بڕیارێک هەیە هەر زەویەک کە تەرخان دەکرێت بەردەڵانی بێت سەرتا بێتەوە لای ئێمە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: بەڵام ئەو پرۆژانەی لە سنوری شارەوانیەکاندایە هەقی مامەڵەکردن و گرێبەستکردنیان دێتەوە لای ئێمە.

## ٩. بەشێک لە پرۆژەکان لەلایەن ئیدارەی گەرمیانەوە ڕاگیراون

ڕێژەیەکی زۆری داواکاری دانانی کارگە لە گەرمیان ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کراوە و کارەکانیان ڕاگیراوە، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیانیش دەڵێت: هۆکارەکەی ناڕونە.

هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: ئەوەی ئاراستەمان کرا پار ساڵ ٧٠ پرۆژە و داواکاری بو، هەمویشی مۆڵەتی پێنەدراوە، ئەوەی مۆڵەتی پێدراوە تەنها ٢٠ پرۆژە بو، لە یەکەم مانگی ئەمساڵدا ٢ داواکاریمان بۆ هاتوە.

جەختی لەوەشکردەوە: لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردودا ٣٦ داواکاری کارگە ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کراوە کە لە لیژنەی باڵای پیشەسازی ئەکرێت کە لە ئیدارەی گەرمیان ڕایان گرتوە، ئەگەر ئەم کارگانە بکرێنەوە ڕێژەیەکی باشی بێکاری کەم دەکەنەوە و کارگەکانیش کارگەی پیشەسازی و خۆراکین کە داهاتەکەی بۆ ناوخۆیە و ناچێتە دەرەوە، هاوکات ٦٠ داواکاری کۆگاش پێشکەش بە ئیدارەی گەرمیان کراوە کە پیشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا مۆڵەتیان پێنەدراوە، چونکە کەوتوە سنوری موحەرەماتی شارەوانی گردەگۆزینەوە.

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لەبارەی هۆکاری کۆنەبونەوەی لیژنەی پیشەسازیی ئیدارەی گەرمیانەوە، پەیوەندی بە لێپرسراوی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیانەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبون لەمبارەیەوە قسە بکەن.

## ١٠. داهاتی بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان

بەڕێوبــەری خانوبــەرەی میــری گەرمیــان باس لــەوەدەکات ئەو داهاتــەی کــە کۆدەکرێتەوە بە پلان دەکرێت، بە جۆرێک رۆژانە و هەفتانە و مانگانە و سالآنەیە.
هێــرۆ فایەق، دەڵێت: پلانی داهات لە بەڕێوبەرایەتیمان بە رۆژانە و هەفتانە و مانگانە و سالآنەیە کە بۆمان دیاری کراوە، بۆ نمونە بۆ ســاڵی ٢٠٢٢ بۆمــان دیاریکرابو کە داهاتی ئەو ســاڵی دەبێت نیــو ملیــار و ١٦ ملیۆن دینار بێت، ئێمــە گەیاندمانە نیو ملیار و ٥٠ ملیۆن دینار کە رێژەکە زیاتر بو لەوەی بۆمان دیاری کرابو.
هێمــای بۆئەوەشــکرد: داهاتێکــی زۆرمان لــەلای خاوەنکارەکانە بەتایبەت کۆمپانیاکان کە هەمانە لە ولآتی ئێرانە و پارەیەکی زۆر قەرزارە کە چەند جارێک ئاگادارمان کردونەتەوە ئەگەر بەدەمەوە نەیــەن ئەوا نوســراوێکی ئاگەدارکردنەوە (ئینزار)یان بۆ دەکەین، دواتر خۆیان دێن بە دەممانەوە بۆ دانەوەی قەرزەکانیان، چونکە ئەو نوسراوە حجز دەخاتە سەر موڵک و سەفەرکردنیشیان.
بەپێــی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی خانوبــەری میری کۆی داهات لە ســنوری گەرمیــان لە ماوەی ٥ ســاڵدا لەم خشــتەیەی خوارەوە رونکراوەتەوە:

داهاتی بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان لە ماوەی 5 ساڵ دا

| 2022 | 2021 | 2020 | 2019 | 2018 |
|---|---|---|---|---|
| 548 ملیۆن و 277 هەزار دینار | 412 ملیۆن و 733 هەزار دینار | 325 ملیۆن و 617 هەزار دینار | 321 ملیۆن و 921 هەزار دینار | 268ملیۆن و 20 هەزار دینار |

ئەو داهاتەی کە لە پرۆژەکان دەگەڕێتەوە بۆیان هیچی بۆ خودی بەڕێوبەرایەتیەکە ناگەڕێتەوە.
هێــرۆ فایــەق، بەڕێوبەری خانوبــەرەی میری گەرمیــان، دەڵێت: وەک بەڕێوبەرایەتــی خانوبــەری میــری هیــچ بــڕە داهاتێــک بۆ بەڕێوبەرایەتیمــان ناگەڕێتــەوە کە کۆدەکرێتەوە لە ســنورەکەدا، ئەوەی هەیە تەنها نەسریەی مانگانەیە کە بۆمان خەرج دەکرێت.
وتیشــی: ئەو نەســریەی بۆمان خەرج دەکرێت بۆ ماوەی ٢ مانگە بوە بە ١ ملیۆن دینار ئەگەرنا پێشتر تەنها ٧٥٠هەزار دیناربو کە موچەی باجیەکەشمانی لەسەرە، ئەو بڕە پارەیەش بەشی هەندێک شت هەرناکات.
باسی لەوەشکرد: ئیفادیشــمان هەیە بۆ فەرمانبەرەکانمان بەپێی کورسیەکان ئەگۆڕێت، بۆ نمونە مانەوە لە ئوتێل ٥٠ هەزار دینارە.
هاوکات، شــادیە حسێن، بەڕێوبەری گشــتی کشتوکاڵی گەرمیان باســی لەوەکــرد: هیــچ داهاتێک بــۆ بەڕێوەبەرایەتی کشــتوکاڵ نیــە، تەنهــا ئەو زەویــە کشــتوکاڵیانە نەبێت کە بەپێی یاســا و رێنماییەکان بۆ پرۆژەکان رێکخراوە کە ســالآنە ٢٠ هەزار دیناریان لێ وەردەگیرێت.

## بەشی دوەم: گرفتەکانی پەیوەست بە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری

### یەکەم: گرفتەکانی خودی بەڕێوبەرایەتییەکە

#### ١. گرفتی بینا

گرفتی بینا یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕوە بەشێکی زۆری فەرمانگە حکومیەکان بوەتەوە، یەکێک لەوانە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میریە، ئەگەرچی ئەم بەڕێوبەرایەتیە بیناکەی هی خۆیەتی، بەڵام بەوتەی خۆیان شیاو نیە بۆ بەکارهێنان.

هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: بیناکە هی خۆمانە، بەڵام شیاونیە بۆ بەڕێوبەرایتی و کۆنە، بەجۆرێک جێگەمان زۆر کەمە تەنانەت شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی فەرمانبەرەکانیشمان نیە.

وتیشی: لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە دەرخستەیەک ئامادەکرا بەمەبەستی دروستکردنی بینای تایبەت بە بەڕێوبەرایەتی باجەکان لە گەرمیان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ شتێک نەکراوە، تەنانەت زەویشمان بۆ تەرخان کراوە لە نێوان بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان و شارەوانی کەلاردا.

#### ٢. گرفتی میلاک

«بەڕێوبەرایەتیمان بەگشتی لە ٢١ فەرمانبەر پێکهاتوە، زۆرینەیان میلاکن تەنها ٣ لە فەرمانبەر چالاکەکانم گرێبەستن، زۆربەی کارەکانی خۆیەتی و زەویوزار و کۆکردنەوەی داهاتمان یەکێک لەو فەرمانبەرانە دەیکات، سەرباری ئەوەش لە دوای ئیفادەوە دێتەوە بە ٣ کاتژمێر کاردەکات». هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەشەکمان فەرمانبەرەکانی پسپۆری خۆیانن، تەنها بەشی زەویوزارمان نەبێت بە ژمێریاری و کارگێڕی پڕمان کردوەتەوە بەهۆی کەمی میلاکەوە.

جەختی لەوەشکردەوە: لە ئێستادا پێویستمان بە پێنج فەرمانبەری دیکەیە (٢ یاسایی و ٢ ڕوپێو) لەگەڵ کارگوزارێک، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان هاوکار بون و ڕوپێوێکیان بۆ دابین کردوین بە تەنسیب کە لە هەفتەکەدا ٢ ڕۆژ کارەکانمان بۆ ڕایی دەکات، هاوکات ٢ هۆبەمان بەهۆی نەبونی فەرمانبەرەوە داخراوە ئەوانیش هۆبەی هونەری و هۆبەی یاسایین.

#### ٣. گرفتی کۆمپیوتەر و بەکارنەهێنانی سیستەمی داتابەیس

ساڵانە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیادا بەکارهێنانی زیاتر دەبێت، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیە تاوەکو ئێستا لە بەڕێوبەرایەتیەکی وەکو خانوبەرەی میری گەرمیان سیستەمی داتابەیسی کۆمپیوتەر بەکارناهێنرێت بۆ تۆمارکردنی مامەڵەکان، ئەمەش وایکردوە مەترسی لە ناوچونی مامەڵەکانی پرۆژەکان و فەرمانە کارگێڕیەکان زیاتر ببێت.

هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: ئێمە سیستەمی داتابەیسی کۆمپیوتەر بەکارناهێنین لە کارەکانماندا و زۆربەی هەرە زۆری بە دەستی و بە کاغەز تۆمار دەکرێت، هۆکاری ئەمەش نەبونی کۆمپیوتەرە کە یەکێکە لە گرفتەکانمان، ئەگەرچی بەشێک لە فەرمانبەرکانم ناردوەتە سلێمانی پار ساڵ بۆ خولێکی تایبەت لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری سلێمانی بۆ بینینی کارەکانی ئەوان، چونکە ئەوان بە سیستەمی کۆمپیوتەریی کاردەکەن.

وتیشی: لە ئێستادا کۆمەڵێک فەرمانبەرم ئامادەیە کە پسپۆری کۆمپیوتەرن، بەڵام بەهۆی نەبونی کۆمپیوتەرەوە کارمان نەکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا نوسراوم ئاراستەی سەروی خۆم کردوە تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە.

#### ٤. گرفتی ئۆتۆمبێل

«گرفتی ئۆتۆمبێلمان هەیە، چونکە ئۆتۆمبێلەکەمان کۆنە، ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتیەکانی باجەکانی دیکە لە گەرمیان ئۆتۆمبێلیان بۆ گۆڕدرا و دابین کرا، بەڵام بۆ ئێمە نەکردرا و هەر ئێمە ماوین، بۆ ئەو مەبەستەش نوسراومان ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان کردوە لە هەولێر تاوەکو ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە«،

هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان وای وت.

## دوەم: گرفتەکان لە ئەنجامی مامەڵە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی خانوبەرە میری

### ١. دەنگۆی وەرگرتنی بەرتیل

بازرگانێـک باس لەوەدەکات، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بەرتیل وەردەگیرێـت لەلایـەن ئـەو فەرمانگانەی کـە مامەڵەکانمان تێدا ئەنجام دەدرێت.
خالـد محەمـەد، خاوەنی پـرۆژەی وەبەرهێنانی کارگـەی بلۆکی بۆنـزا و کۆنکریت لە گردەگۆزینەی سـەر بەقەزای کەلار، دەڵێت: بەشـێوەی راسـتەوخۆ ناتوانـن بەرتیل وەربگرن، بـەڵام زۆربەی زۆریـان وەری دەگـرن بـە ناڕاسـتەوخۆ، خۆم هاتوەتە پێشـم و ئاستەنگیان بۆ دروست کردوم لە رایی کردنی مامەڵەکانم، لەگەڵ ئەوەش نەمدەتوانی بە راستەوخۆ بڵێم چیتان دەوێت.
لەبەرامبـەردا، شـادیە حسـێن، بەڕێوبـەری گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیان دەڵێت: وەرگرتنی بەرتیل وەک دەنگۆیەک باس دەکرێت، مـن وەک خۆم چەندینجار بەدوای ئەو بابەتە ڕۆشـتوم، تەنانەت لەگەڵ خاوەن پرۆژەکانیش قسەم کردوە، بەڵام هیچ کەسێک دانی بەوەدا نەناوە.
بەڕێوبـەری خانوبـەرەی میری گەرمیـان، هێرۆ فایـەق، جەخت لـەوە دەکاتەوە: بەرتیل وەرگرتن لـەلای ئێمە نیە، چونکە هەمو کارەکان بـە لیژنـە دەکرێت و کارەکانیش هەموی لەسـەرەوەیە، بەڵام هاوڵاتیش سـەردانی کردوین ئێوە خاوەنی زەویەکانن کەچی داوای بەرتیلیان کردوە، بەجۆرێک بە خۆمیان وتوە روبەڕو بە ناو هێنانی بەڕێوبەرەکانیش.
بەهەمانشـێوە، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشـتی وەبەرهێنانی گەرمیان، وتی: بۆ ماوەی ٢ساڵ و ٤ مانگە لەم بەڕێوبەرایەتیەم شـتی وام نەبیستوە کە داوای بەرتیل بکرێت، رەتیشی ئەکەمەوە و تەحەداشی ئەکەم کە شتی وا نیە.

» رۆتینات هەیە بەتایبەت لە وەرگرتنی ڕەزامەندیەکان، چونکە کاتی دەوێت «

### ٢. بونی رۆتیناتی زۆر

یەکێـک لەو کێشـانەی کە خـاوەن پرۆژەکان لە گەرمیان باسـی لەوەدەکەن دروسـت بونی رۆتیناتە لـە ئەنجامدانی مامەڵەکانیان بەتایبەت لە ئاسـتی وەزارەت، خاوەن کارێکیش دەڵێت پەشیمان لەوەی کە پرۆژەم ئەنجامداوە.
خالد محەمەد، خاوەنی پرۆژەی وەبەرهێنانی کارگەی بلۆکی بۆنزا و کۆنکریت لە گردەگۆزینەی سەر بەقەزای کەلار، دەڵێت: رۆتینات و دواکەوتنـی مامەڵەکانمان زۆر نیگەرانی کردوین، من وەک خۆم زۆر پەشیمانم و تەمەنا دەکەم ئەو پرۆژەیەم پێشکەش نەکردایە، چونکە بۆماوەی ٨ ساڵە هێشتا مامەڵەکانم تەواو نەبوە.
وتیشـی: ئەمـەش وایکردوە پلانـی ئەوەمان هەیـە لەناوچەکانی خوارەوی عێراق وەک خانەقین و ژێر دەسەڵاتی عێراق وەبەرهێنان بکەین.
هـاوکات، محەمـەد کەمـاڵ جەبـار، خاوەنـی قەپانـی کێش لە بەردەسور لە قەزای کەلار: «راستە کەمی دەوام کە وەک پێویست نیە رۆتیانت هەبوە، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کۆی گشتی هاوکارمـان بوە، بـەڵام لە وەزارەت دواکەوتـوە بەلای کەمەوە ٣ مانگی پێچوە، کە رەنگە هۆکارەکەی پێداچونەوە بوبێت».
بەڕێوبـەری خانوبـەرەی میری گەرمیـان، هێرۆ فایـەق، جەخت لـەوە دەکاتـەوە: وەک بەڕێوبەرایەتیمـان رۆتینـات نیە، چونکە نوسـراوەکانمان ئاراسـتەی کشـتوکاڵ دەکرێـت و لەوێـوە رای لایەنـەکان وەردەگیرێـت کە هەندێکجار ٨ مانگـی پێدەچێت، کە دێتەوە لای ئێمە تەنها ٢ رۆژی پێ دەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر حاڵەتێک هەبێت ئەوە بەپێی یاسا دەبێت یان دراسەی پرۆژەیەک دەکرێتەوە.
لەبەرامبـەردا، شـادیە حسـێن، بەڕێوبـەری گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیـان دەڵێت: «بەڵێ رۆتینات هەیـە بەتایبەت لە وەرگرتنی رەزامەندیـەکان، چونکـە کاتـی دەوێـت تاوەکـو رای لایەنەکان وەردەگیرێت، چونکە بڕیاردان لە دەسـەڵاتی خۆیان نیە، ئەمەش زۆر قورسـە بۆ هاوڵاتیان ئەمەش کە دەکرێت بەپێی رێنماییەکانە و دانراوە».
هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشـتی وەبەرهێنانی گەرمیان باسـی لەوە کرد: لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان رۆتینات تەنها لای وەبەرهێن نیـە، بەڵکـو بـۆ ئێمەش هەیـە، چونکە داواکاریـەک کە دێت بۆ پرۆژەیـە هەتاوەکـو مۆڵەتی بـۆ وەردەگریت رای ٢١ لایەنی بۆ وەردەگیرێـت کە دەکاتە ٢١ نوسـراوی فەرمـی، ئەمەیە هۆکاری رۆتیناتەکان.

## ٣. زیادبونی زیادەڕەویی لەسەر زەویە بەردەڵانییەکان

بەڕێوبەری خانوبەرەی میری جەخت لەوەدەکاتەوە زەویە بەردەڵانیەکان لە گەرمیان زیادەڕەوییەکی زۆر کراوەتە سەریان بەتایبەت لە قەزای کەلار کە ڕێژەکە زۆرە، بۆ ئەو مەبەستەش لە پلانماندا هەیە دەست بە تۆمارکردنی زیادەڕەویەکان بکەین.
هێرۆ فایەق، دەڵێت: زیادەڕەویکردنە سەر زەوی بەردەڵانی لە گەرمیان زۆر زۆرە بەتایبەت لە قەزای کەلار، ئەگەرچی لە ئێستادا ڕێژەیەکی باشی زەویمان گەڕاندوەتەوە و لە قۆناغی سەرەتاین بەمەبەستی ئەنجامدانی گرێبەست بۆ ئەو شوێنانی کە پرۆژەیان لەسەر ئەنجام داوە.
وتیشی: هەمو کەپرەکانی سەرتەک و ئەو پرۆژانەشی لەوێ هەن هیچیان گرێبەستیان لەگەڵ خانوبەرەی میری نیە و نەگەڕاونەتەوە بۆ ئێمە، هەموشی زەوی بەردەڵانیە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگە چارەیەکمان گرتوەتە بەر لە ڕێگەی ناحیەکانەوە ئاگادارکردنەوەمان بۆ ناردون وەریان نەگرتوە، لە دوای ئەوەش نوسراومان ئاراستەی سەروی خۆمان کردوە لەوێشەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی داخستنی ئەو شوێنانە، چونکە گرێبەستیان نیە وەک کەپرەکانی ژاڵەناو کە ساڵانە بڕێک پارە بەحکومەت دەدەن.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەگەرچی ئامارێک لەبەردەستدا نیە، بەڵام بۆ قەزای کەلار زیادەڕەوییەکان زۆر زیاترە، بەجۆرێک لەو دیوی بەردەسورەوە هەر پرۆژەیەک لەو ڕێگەیە ئەنجام درابێت بە چەمەکانیشەوە هەموی زیادەڕەوییە و گرێبەستیان نیە لەگەڵ ئێمەدا، کە دەبێ ساڵانە پارە بە حکومەت بدەن،.
هێمای بۆئەوەشکردوە: پلانی ئەوەمان هەیە لەکەلار لەگەڵ قایمقامیەتی قەزاکە لیژنە دەربکات بەمەبەستی تۆمارکردنیان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە، ئەو کارەش ٢ هەفتەی پێویستە.

## ٤. هەندێک لەو پرۆژانەی زەویان پێدراوە مۆڵەتیان نیە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باس لەوە دەکات: ئەو قاپانانەی کێش کە لە سنورەکەدا هەن و زەوی بەردەڵانیان پێدراوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانیان، بێ مۆڵەتن.
کەریم عەلی، وتی: نزیکەی ٢٠ وێستگەی کێش (قەپان) هەیە لە گەرمیان بەدەست گروپێکەوەیە کە پشک و شەراکەتیان هەیە، ئەم وێستگانەش لە سنوری قەزای کەلار و کفری و قۆرەتو و دەروازەی پەروێزخانە، ئەم وێستگانەش ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداریان بۆ وەرنەگرتوە لە وەزارەتی ئاوانکردنەوە و بەڕێوبەرایەتی مەڵبەندەکانی کێشی سەربەهەمان وەزارەت، لەلایەن خانوبەرەی میریەوە زەویشیان بۆ تەرخان کراوە و ساڵانەیان لێ وەرئەگیرێت، لەکاتێکدا نەدەبو بەوشێوەیە بێت.
وتیشی: دوای بەدواداچونمان لە ماوەی ڕابرد لە نزیک گوندی سەوزبڵاخی سەربەناحیەی قۆرەتو قەپانێک دانرابو لە ڕێگەی دادگای قۆرەتوە لاماندا کە بۆ هەر بارهەڵگرێک بڕی ١٥ هەزار دیناری وەردەگرت، هەروەها لە هەردو دەروازەی قەزای کفری نزیک بازگەی کارێزی هێزی ئاسایش دانەیەکی دیکە هەبو زیاد لە ٦ مانگ ڕامان گرت لەگەڵ یەک قەپانی دیکە لە نزیک بازگەی شێخ لەنگەر، بەڵام لە ئێستادا هەردو وێستگەکە دوبارە خراونەتەوە کار، هەروەها لە ماوەی چەند مانگی ڕابردودا دو قەپانی دیکە لە نزیک بازگەی بەردەسوری هێزەکانی ئاسایش دانراون و لە کاردان لایەنی ئیداریمان ئاگادارکردوەتەوە بۆ ئەوەی لاببرێن، بەڵام ڕێکار لە دژیان نەگیراوتەبەر.
جەختی لەوەشکردەوە: بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیانمان ئاگادار کردەوە لە بابەتەکە و ئەوانیش نوسراویان ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کردوە و داوایان لێکردون کەوا قایمقام و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکانی سنوورەکە ئاگاداربکەنەوە لەوەی کە تەواوی وێستگەکانی کێشی سنوورەکە ڕابگیرێن لە کارکردن تاکو ئەو کاتەی بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە ڕێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندەکانی کێش وەردەگرن، بەڵام تاکو ئێستا ڕانەگیراون لە کارکردن.
لە بارەی کەپرەکانی مەرزی پەروێزخانیشەوە، کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی: « لە دەروازەی پەروێزخان سێ چێشتخانە هەیە ماوەی سێ ساڵە مۆڵەتەکانیان بۆ نوێ دەکرێتەوە لە وەزارەتی دارایەوە، ئەوەش کارێکی پێچەوانەی یاساییە، چونکە دەبێت بەپێی یاسایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ ی تایبەت بە بەکرێدانی ماڵ و موڵکی دەوڵەت ڕێکارەکانی بەکرێدانی بۆ بگیرێتەبەر و لە کاتی کۆتایهاتنی ماوەی بەکرێدانەکەدا دووبارە کاری تەندەرینی بۆ بکرێت و بانگەوازی بۆ بکرێت و بەشێوازی ئاشکرا بەکرێ بدرێن نەک ساڵانە نوێبکرێنەوە.
هێمای بۆئەوەشکرد: پێویستە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان ڕێکارەکان بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی زۆرترین داهات لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکاندا بۆ سنورەکە دەستەبەر بکرێت.
لە هەمان کاتدا، هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: قەپانەکان لە سنوری گەرمیان مۆڵەتیان نەبوە، هەر پرۆژەیەکی قەپان و کێش کە دەکرێتەوە سەرەتا دەبێت بێتە لای ئێمە دواتر ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دەکەین بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارەکانی مۆڵەتپێدان و تەرخانکردنی زەوی بۆیان، دواتر ئەوانیش ئاراستەی ئیدارەی گەرمیانی دەکەن بەمەبەستی دانانی مەرجی تایبەت بە خۆیان، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە لای ئێمە بەمەبەسی ئەنجامدانی گرێبەست و موزایدە بۆیان.
هێمای بۆئەوەکرد: هەتاوەکو ئێستا ١ قەپان لە سنوری گەرمیان مۆڵەتیان نەبوە، تەنها ٢ دانەیان نەبێت بە موزایەدە کراوە، بۆ ئەو مەبەستە نوسراومان ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کردوە بەمەبەستی داخستنیان تاوەکو مۆڵەتەکانیان دەردەهێنن لەلایەن وێستگەکانی کێش لە سلێمانی، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا لەکاردان، بەڵام ئەوەی ئاگادارب خەریکی ئەنجامدانی مامەڵەن.
وتیشی: کەپرەکان ناو حەرەمی مەرزی پەروێزخانیش بەهەمان شێوە دەبێت ساڵانە گرێبەستەکانیان نوێ بکرێتەوە ئەگەرچی پێشتر موزایدەیەکیان بۆکراوە تاوەکو ماستەرپلانی مەرزەکە تەواو دەبێت، دواتر هەمو ساڵێک برێک پارە دەچێتە سەر حسابەکەیان.

### ٠٥ خاوەن پرۆژەکان رەخنە لە زیادکردنەکان دەگرن

خاوەن پرۆژەکان رەخنە لە زیادکردنەکان (مزایدە) دەگرن و باس لەوە دەکەن کەسێک پرۆژەیەک پێشکەش دەکات و پێوەی ماندودەبێت، کەچی کەسێک دێت و بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی ئەنجام دابێت دەتوانێت بێتە ناومزایدەکە و پرۆژەکە ببات لەبەرامبەر برە پارەیەک.
محەمەد ئەکبەر، خاوەنی کۆگای هیام لە باناسیاو سەربە قەزای کفری، باسی لەوەکرد: یەکێک لەو کێشانەی کە روبەڕومان بوەتەوە ئەوەیە کەسێک کە داواکاری پێشکەش ئەکا بۆ پرۆژەیەک و مامەڵە ئەکات و ئەچێتە ئەنجومەنی وەزیران کەچی دێتە زیادکردنەکەوە کەسێک پارەیەکی زیاتر بدات ئەوە ئەدرێت بەو کەسە، بۆیە هەق نیە زیادکردن بکرێت بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە.
جەختی لەوەشکردەوە: زۆربەی کات لە دەرەوەی موزایدەکان هاوڵاتیان رێک دەکەون پارە دەدەن بۆ ئەوەی نەچنە موزایدەکان، ئەگەرچی من خۆم شتی وام نەکردوە.
هاوکات، محەمەد کەمال جەبار، خاوەنی قەپانی کێش لە بەردەسور لە قەزای کەلار هێمای بۆئەوەشکرد: لە هەمو پرۆژەکان لە گەرمیان چەند کەسێک دێنە زیادکردنەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە دەرەوەی موزایەدە پارەمان نەداوە و رێکبکەوین.
لە بەرامبەردا، هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێت: گەورەترین کێشەی ئێمە کاتی موزایەدەکانە، چونکە کەسانێک مامەڵە دەکەن بۆ پرۆژەیەک بە ٩ مانگ دەخایەنێت، کاتێک دێتەوە لای ئێمە دەبێت بە موزایەدەی ئاشکرا بکرێت، ئەمەش بەپێی رێنمایەکانی وەزارەتی داراییە کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو زەویانە موڵکی گشتیە کە دەدرێت بە پرۆژەیەک.
وتیشی: لە ئێستادا دادوەرێکمان بۆ لیژنەکە زیاد کردوە بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، بەتایبەت کە هەمو موزایدەکان کۆمەڵێک دەلالی تێدایە.

## «چەندینجار بە نوسراو داوای کۆبونەوەی لیژنەی پیشەسازیم کردوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوە»

### ٠٦ راگرتنی کاری لیژنەی پیشەسازیی لە ئیدارەی گەرمیان

لیژنەی پیشەسازی لەئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە هەتا ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، بەڵام لە گەرمیان بەبێ ئەوەی هیچ فەرمانێکی رەسمی هەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم لیژنەیە، کارەکانی پەکی کەوتوە و راگیراوە.
محەمەد جەبار، بەڕێوبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی، وتی: ئەم لیژنەیە تا ئێستا لە سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کاری پێناکرێت، بەڵام لە هەولێر و دهۆک کاری پێدەکرێت، لە گەرمیانیش لە دوای کۆچی دوایی سەرپەرشتیاری پێشوی ئیدارەی گەرمیانەوە هیچ کۆبونەوەیەک نەکراوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی رون بێت بۆچی.
وتیشی: لە کاتێکدا هەر پرۆژەیەک پێشکەش دەکرێت بۆ دوستکردنی کارگەیەک لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو ٣٦ کارگەیە لە چوارچێوەی ١٠٠ دۆنم زەویدایە کە موڵکی خانوبەرەی میریە و پرۆژەکان زەوییان بۆ دابین دەکرێت و نەخشەشیان بۆ کرا، دواتر هەندێکیان وەریانگرت هەندێکیشیان مایەوە، بەڵام بەهۆی کۆنەبونەوەی لیژنەکە وەکخۆی ماوەتەوە.
سەبارەت بەوەی تا چەند داوایانکردوە لە ئیدارەی گەرمیان ئەو لیژنەیە کۆببنەوە، بەڕێوبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی هێمای بۆئەوەکرد: دەبێت سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بانگهێشتی لیژنەکە بکات کە لە کشتوکاڵی گەرمیان و خانوبەرەی میری و ژوری بازرگانی و شارەوانی پێکهاتوە، کە مانگی جارێک دەبێت کۆببێتەوە چەند جارێکیش باسکراوە هیچ دەرئەنجامێکی نەبوە.
ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٩٨ مۆڵەت بە پرۆژە پیشەسازیەکان دەدرێت.
هاوکات، هێرۆ فایەق، بەڕێوبەری خانوبەرەی میری گەرمیان، جەختی لەوەکردەوە: چەندینجار بە نوسراو داوای کۆبونەوەی لیژنەی پیشەسازیم کردوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوە و کۆشنەبونەتەوە.
باسی لەوەشکرد: ئەو ١٠٠ دۆنمەی کە بۆ کارگەکان دانرابون ٢١ دۆنمی مابو هەمویم خستوەتە سەر نەخشە و ئاراستەی پیشەسازی سلێمانیم کردوە بۆ ئەوەی مۆڵەتیان پێ بدرێت، لە رێگەی باجەکانیشەوە مۆڵەتی بۆ وەردەگرین و خەملاندنی بۆ دەکەین، ئیتر ئەوان کۆدەبنەوە یان نا کەیفی خۆیانە.
بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیانیش وەکخۆی دەڵێت: چەند جارێک داوای کۆبونەوەی لیژنەی پیشەسازیم کردوە لە ئیدارەی گەرمیان هیچ نەکراوە، لە کاتێکدا دەبێت لە ساڵێکدا ٣ جار کۆببێتەوە.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجامەکان

١. بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری یەکێکە لەو دەزگایانەی کە پەیوەندیدارە بە باجەوە و سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابورییە، بونی دەزگاکە گرنگە بەوپێیەی ناوچەکە زەویەکی زۆری بەردەڵانی هەیە کە رێژەکەی دەگاتە (٩٦٨) هەزار و ٧١٩ دۆنم زەوی و داواکاریش بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی لە سەریان زۆرە.
کارەکانی ئەم دەزگایەش وەکو هەمو دەزگاکانی دیکە بە شێوەیەکی مەرکەزیی رێکخراوە و مەرجەعەکەیان وەزارەتی داراییە و پشت بە یاسا و رێنمایی و رێکارە بەرکارەکان دەبەستن لە مامەڵەکانیان، کە دیارترینیان یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ە.

٢. هەندێکجار ئاڵۆزی دروست دەبێت لەبارەی کار و چیەتی ئەرکی ئەم دەزگایەوە، چونکە ئەگەرچی وەکو بەڕێوبەرایەتیەکی سەربەخۆ ناوی دەهێنرێت، بەڵام گرێدراویشە بە زۆر بەش و بواری دیکەوە، بەتایبەتیش کشتوکاڵ کە ئەو وەزارەتە و بەڕێوبەرایەتیەکانیان مافی مامەڵەکردنیان بە زەویە بەردەڵانیەکانەوە هەیە، ئەمەش وادەکات رۆتینات زیاتر بکات. هەروەها لە پێکهێنانی لیژنەکانی خەمڵاندن و زیادکردنیش دا، بەهەمانشێوە دەبێت پەنا بۆ بەڕێوبەرایەتی دیکە ببەن، ئەمەش کار لەسەر کارەکانی بەڕێوبەرایەتیەکە و زو بەدەستهاتنەوەیان دەکات.

٣. لە روی خودی بەڕێوبەرایەتییەکەوە، پێداویستی زۆری هەیە، هەر لە روی مرۆییەوە بەتایبەت لە روی بونی کارمەند و هەندێک پسپۆڕی وەکو یاسا و روپێوی، هەروەها لە روی مادیشەوە وەکو بینا و پێداویستی و کەرەستەوە، کە بەتایبەت بیناکەی گونجاو نیە بۆ سروشتی کاری دەزگاکە.

٤. شێوازی کارکردنی بەڕێوبەرایەتیەکە وەک زۆرینەی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکەی سنورەکە، تەقلیدی و کۆنە و زۆرتر پشت بە کاغەز و نوسین دەبەستێت و لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا ئاوێتە نەکراوە بۆ ئەوەی زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت .

٥. مامەڵە و داواکاری بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری لە زیادبون دایە، بەوپێیەی خواست لەسەر زەوی بۆ بەکارهێنانی لە پرۆژەی بازرگانی و پیشەسازیی و وەبەرهێنان دا لە سنورەکەدا زیاتر بوە، ئەمەش وادەکات رادەی گرنگی ئەم دەزگایەش زیاتر بێت.

٦. ئەو زەویەی کە ئەم دەزگایە سەرپەرشتی دەکات روبەڕوی هەڵمەتێکی زۆری زیادەڕۆیی و بەکارهێنانی ناشەرعی بوەتەوە، چەندین پرۆژە و بزنس لەسەر زەویە بەردەڵانیەکان ئەنجام دراون، بەڵام ئەو بەڕێوبەرایەتیە خۆی توانای رێگەپێگرتنیانی نیە و دەبێت ئیدارەی قەزا و ناحیەکان ئەو کارە بکەن، بەڵام ئەوانیش بەشی پێویست لەو روەوە چالاک نین، سەرباری ئەوەی نوسراویشیان بۆ کراوە.

٧. بازرگانان و وەبەرهێنەران نیگەرانن لە بونی رۆتین و دواخستنی کارەکانیان و ئاماژە بۆ پێدانی بەرتیل، ئەمەش بەهۆکار دەزانن بۆ ئەوەی چیتر نەتوانن برەوی زیاتر بە پرۆژەکانیان بدەن و رو لە سنوری دیکە بکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆژە.

٨. لیژنەی پیشەسازیی لە ئیدارەی گەرمیان، زیاتر لە ٢ ساڵە کۆنەبوەتەوە و کارەکانی راگیراوە، بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی رونی هەبێت، ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان دەڵێن بە فەرمی داوای ئەنجامدانی ئەو کۆبونەوەیەمان کردوە. هەر ئەمەش لێکەوتەی خراپی بۆ سەر بەڕێوەچونی ئیشوکارەکان هەبوە و مامەڵەکانیشی توشی راگیران و دواخستن کردوە.

٩. لە ماوەی ٥ ساڵدا بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری گەرمیان (١ ملیار و ٨٧٦ ملیۆن و ٥٦٨ هەزار) دینار داهاتی هەبوە، هیچ بەشێکیش لەو داهاتە بۆ خودی بەڕێوبەرایەتیەکە خەرج ناکرێت و بۆ ئیدارەدانی کاروباری رۆژانەی دەزگاکە پێشینەیەکی (نثریە) ملیۆن دیناری مانگانەیان هەیە.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

- هەتادێت ئەم بوارە گرنگیی زیاتر پەیدا دەکات، ئەویش بەوهۆیەی ڕادەی بەکارهێنانی زەویە بەردەلانیەکان لە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی وەبەرهێنان دا لە برەوسەندن دایە، بۆیە پێویست دەکات گرنگییدان بەم بوارە و بە خودی بەڕێوبەرایەتییەکەش زیاتر بێت، ئەمەش لە چەند ڕویەکەوە دەکرێت:
ا. لەڕوی یاساییەوە: گرنگە یاساکانی بەرکار بە بەردەوامی نوێ ببێتەوە، هەروەک یاساکان نەرم بن و بەشێک لە دەسەڵات بە خودی ناوچەکان بدەن بۆ ئەوەی تایبەتمەندی هەر ناوچەیەکی تێدا ڕەچاو بکرێت.
ب. لە ڕوی دەسەڵاتەوە: دەسەڵاتی زیاتر بەم بەڕێوبەرایەتیە بدرێت، بۆ ئەوەی هێندە وابەستەی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە نەبێت و لەم نێوەندەشدا هاوڵاتی کە مامەڵەیەکی بۆ پرۆژەیەک دەبێت هێندە هاتن و چون نەکات.
ت. لەڕوی خودی بەڕێوبەرایەتیەکەوە: بینای نوێ و باشی بۆ دابین بکرێت و ئامێر و کەرەستەی نوێی بۆ بەردەست بخرێت و سیستەمی نوێی تەکنۆلۆژی بۆ ڕاییکردنی کارەکانی بەکاربهێنرێت، هەروەک فەرمانبەری پێویستیشی بۆ دابین بکرێت.

- ئەو دەنگۆ و زانیارییانەی لەبارەی بونی وەرگرتنی بەرتیلەوە هەن، دەبێت بە جیدیی وەربگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەدواداچونی جیدیی بکرێت و هەروەک ڕێگا و کەناڵی گونجاو دابنرێت بۆ ئەوەی لەکاتی بونی حاڵەتی لەمشێوەیە کەسی مامەڵەکار حکومەت و دەزگا چاودێرییەکان ئاگادار بکاتەوە و ڕێکار لەبەرامبەر سەرپێچیکار بگیرێتە بەر.

- زۆر گرنگە ئالیەتی ئیشوکارەکان بەشێوەیەک دابرێژرێنەوە کە ڕۆتین کەم بکەنەوە، وا بکەن کەسی وەبەرهێن و بازرگان ئاسودە بن و هان بدرێن بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکەیان، نەک بەپێچەوانەوە سارد و دڵشکاو بن. بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسەنگاندێک بکرێت و دیارترین جۆری ڕۆتینەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

- پێویستە بەر بەو زیادەڕەوی و دەستدرێژییە بگیرێت کە دەکرێتە سەر زەوییە بەردەلانیەکان کە مافی گشتییە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی گەرمیان و قەزا و ناحیەکان، کاری جیدی بکەن و لە سەرپێچیکار بپێچنەوە. هەروەک بۆ ئەو زەویانەشی کە پرۆژەیان لەسەر بونیاد نراوە، چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە کە ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتیشی تێدا بکرێت.

- دانەنیشتن و کۆنەبونەوەی لیژنەی پیشەسازیی ئیدارەی گەرمیان بۆ ماوەی نزیکەی ٢ ساڵ، خاڵێکی سلبی و خراپە، چونکە لێکەوتەی بەسەر ئەو کەرتەوە هەبوە، بۆیە گرنگە هەرچی زوە لیژنەکە دەست بە کۆبونەوەکانی بکاتەوە و کۆبونەوەکانی بەشێوەیەکی خولیی و ڕێکوپێک ئەنجام بدات.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net